سەروتار

# دیاردەیەکی ئەرێیی پێویستي بە قولکردنە

وەقائیعەکانی ئەڵقەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هزر و کێشەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاری خوازی کوردی لە کۆی چەند باسێکی دیکەدا،جۆرێك لە هەوڵی بەخۆداچوونەوەی–شەرمنانە- بەشێوەی رەخنەی خۆیی رانەگایەندراو لە لایەن نوێنەرانی هەندێ ڕەوتی نەتەوەیی بەشداربوو دەرخست بە تایبەتی لە دوو رێبازی هاودژ کە سروشتی توندرەوی بەسەریاندا زاڵە ئەوانیش هەریەك لە رەوتی نەتەوەیی توندڕەو و رەوتی –نیشتمانی- نانەتەوەیی نزیکتر لە بزووتنەوە کاراکان لە چوارچێوەی وڵاتێك بە دوور لە سیفەتی نەتەوەیی،هەروەها سەرەڕای سنوور داری لایەنگری و دەسەڵاتی ئەو دوو رەوتە لە هەردوو ناوەندی سیاسی و رۆشنبیری لە گۆڕەپانی کوردستان ئەوا چاودێران لەم کۆرەدا تێبینی ئەوەیان لە نوێنەرانی ئەو رەوتانە کرد کە هەریەکە لە شوێنی خۆی و بێ هەبوونی تەنسیق جۆرێك لە نزیکبوونەوە لە باسەکانی رەوتی نەتەوەیی دیموکراتی زۆرینە نیشاندا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێك لە هۆشیاری نەتەوەیی کوردی تۆمار دەکات.

لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە سەرچاوەکانی هزری نەتەوەیی کوردی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی وهۆکارەکانی لاوازبوونی رێکەوتنێکی گشتی بەدەست هێنا.

دەبێ باس لە پێشکەوتنی شێوازی مامەڵەکردنی دیموکراتی بکرێت سەبارەت بە کێشەکانی ناکۆکی نێوان وتووێژکاران و رێزگرتنی یەکتر، ئەمەش تایبەتمەندیەکی دیکەی بەم ئەلقە لێکۆڵینەوەیە بەخشی، هەروەها بوونی ویستێکی بەهێز لە لایەن کادیرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەتایبەتی توێژی گەنجان بۆ وتووێژ و راگۆڕینەوە و تینووبونیان بە رۆشنبیری بۆ روبەروبوونەوەی کێشەکان و هزری بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاری خواز هەروەك گفتوگۆکان تەئکیدیان لەسەر هەڵوێستی دیموکراتیانەی یەکگرتوو سەبارەت بە پاراستنی ئەزموونی کوردستانی عێراق و بەجێگەیاننی ئەرکەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

نەتەوەیی و پاڵپشتی کردنی بۆ گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی نەتەوە کوردستانیەکان هەروەك لە دەستووری هەرێم ئاماژەی پێدراوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو هەماهەنگیەی نێوان زانکۆی سەلاحەدین و بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی بۆ رێکخستنی ئەڵقەکە لێکەوتەیەکی باشی بەسەر بەشداربووانەوە هەبوو کە ئەم دەستپێشخەریەیان بە باش زانی و داوای درێژەپێدانی کاری هاوبەشی نێوان دامەزراوە رۆشنبیریە جیاوازەکانی کوردستانیان کرد بە تایبەتی دەربارەی کێشە کوردستانیە هاوبەشەکان و ئەم کارەش پێویستی بە پەیرەو کردنی رەخنەی خودی لە لایەن رێکخەرانی ئەڵقەکان هەیە کە دەبێ دان بە هەبوونی کەم و کوڕی لە ئامادەکردن و بانگهێشتکردن و رێکخستن بنرێت کە دەکرێ لە ئایندەدا نەهێڵرێن.لە کۆتاییشدا سەرەڕای هەموو ئیجابیاتەکان دەبێ دان بنرێت بە لاوازی هۆشیاری نەتەوەیی لە لایەن کادیران و رۆشنبیرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و نائامادەیی توێژەرەوە و وانەبێژانی شارەزا لە سەرجەم بوارەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری ،کە ئەمرۆ ئەوپەڕی پێویستیمان پێیان هەیە.